# بابەتی :ئاو

پ.ی.ژیان عبد الکریم

- ئاو ژێدەرو سەرچاوەی ژیانە،مرۆڤ وجانەوەرو ڕووەک بەهۆی  ئاوەوە دەژین، سێ بەشی گۆی زەمین بە ئاو داپۆشراوە،ئێستا گرفتی کەمی ئاو وڵاتان نیگەران دەکا،لەبەر ئەوە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەو گرفتە چارە بکەن،

لە پاشەڕۆژدا ئاو دەبێتە فاکتەرێکی پڕ هێز بۆ
ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان میللەتانی جیهان ،ئاو
سەرچاوەی وە دەست   خستنی وزەی کارەبایە،پشکی
هەرە زۆری وزەی کارەبای هەرێمی   کوردستان لە
هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان دهێتە
بەر هەمهێنان ،پاش چەند ساڵێکی دی ئاو جێی نەوت
دەگرێ لە بەر هەمهێنانی وزە بەداخەوە ئاوی
کوردستان بە فیڕۆ دەچێت،ئەگەر کوردستان ژی
خودانا بڕیارێ خۆ بایە ئەو سامانە گرنگە سوودی بۆ
گەلی کورد دەبوو.

# هاوواتا

| | |
|---|---|
| زەمین | زەوی |
| گرفت | کێشە |
| پاش | دوای |
| دی | تر |
| جێ | شوێن |
| گرنگ | بایەخ دار |
| سوود | کەڵک |
| جانەوەر | گیانەوەر |

# ڕاهێنان(١)

1. چەند بەشی گۆی زەمین بە ئاو داپۆشراوە؟
2. سێ بەشی کۆی زەمین بەچی داپۆشراوە؟
3. ئێستا چ گرفتک وڵاتانی نیگەران دەکا؟
4. ئاو سەرچاوەوە دەست خستنی چ وزەیەکە؟
5. زۆر وزەی کارەبای هەرێمی کوردستان لەچی دەهێتە بەرهەمهێنان؟
6. لە پاشەڕۆژدا ئاو جێی چی دەگرێ لە بەرهەمهێنانی وزە؟
7. سوودی ئاو چییە؟

# ڕاهێنان(٢)

1. ________بەشی گۆی زەمین بە ___________داپۆشراوە٠
2. ئاو سەرچاوەی و دەست خستنی وزەی___________یە٠
3. زۆری وزەی کارەبای هەرێمی کوردستان لە هەردوو ________ دوکان و دەربەندیخان٠
4. پاش چەند ساڵێکی دی ئاو جێی ___________ دەگرێ لە بەرهەمهێنانی وزە٠
5. مرۆڤ و____________و____________بەهۆی ئاوەوە دەژین٠

# ڕاهێنان(٣)

هەڵە یان ڕاستە

1. چوار بەشی گۆی زەمین بە ئاو داپۆشراو
2. ئاو سەچاوەی و دەست خستنی وزەی کارەبایە
3. پاش چەند ساڵێک دی ئاو جێی خەڵوز دەگرێ لەبەر هەمهێنانی وزە

# ڕاهێنان(٤)

1. ئاو سەرچاوەی ژیانە (چی)
2. مرۆڤ وجانەوەر و ڕووەک بەهۆی ئاوەوە دەژین(کێ،چی)
3. سێ بەشی گۆی زەمین بە ئاو داپۆشراوە (چەند ،بەچی)
4. پاش چەند ساڵێکی دی ئاو جێی نەوت دەگرێ (کەی،چی)
5. دەسەڵاتدارانی وڵاتان بیر لەوە دەکەنەوە ئەو گرفتە چارەبکەن (کێ،چی)
6. وزەی کارەبای هەرێمی کوردستان لە هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان دهێتە بەرهەمهێنان(کوێ)

